ڕەوانبێژیی گێڕانەوەی «ژیرار ژینێت» و چۆنێتی کارکردنی لە هەڵسەنگاندنی دەقدا

مژدە سەڵاح محەمەد
(کەرکووک)

پوختە

چ ڕەوانبێژی و چ گێڕانەوە، بوارگەلی پەیوەست بە ئەدەبن، ئەدەبیش بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی مرۆڤە؛ کەواتە بواڕێکی نوێ نییە و لەسەرەتای بوونییەوە لەسەر زەوی، ئادەمیزاد هەوڵی گێڕانەوەی هەقایەت و جوان دەربڕینی داوە. ئەوەی گۆڕاوە و نوێیە، چۆنێتی تێگەیشتن و دەرکی مرۆڤە بۆ ئەو چەمکانە و ناولێنانیان و مامەڵەکردنە لەتەکیاندا. ئەو تێگەیشتنەی پێشتر بۆ ڕەوانبێژی هەبوو، ئێستا گۆڕاوە و فراوان بووە. ئەوەی جاران گێڕانەوە لەخۆی دەگرت (باسکردنی سەربوردێک)، ئێستا وەک زانستێک مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت (گێڕانەوەناسی).

لەم کارەی بەردەستدا هەوڵ دراوە بەو دیدە نوێیەوە، چەمکی ڕەوانبێژی بۆ پێوانەی ئاستی جوانیناسانەی دەقێکی گێڕانەوەیی کەڵکی لێ وەربگیرێت. بۆ ئەمە دیدگەی ژیرار ژینێت بۆ ڕەوانبێژی گێڕانەوە و زاراوەکانی ناو ئەم تیۆرییەی تیۆردارێژی فەڕەنسی وەرگیراوە.

دەقی وەرگیراو کە کورتە چیرۆکی «من... تۆم... خۆش... دەوێ»ی (عەتا نەهایی)ـە، ڕەگەزەکانی ((دراماتیزەکردنی هەوای دەم، گەڵاڵەی پاڵەکی، بیرهێنانەوەی چاوەڕواننەکراو، بەردەوامی و فرەپاتی)) لە ئاستێکی هونەری بەرز تێیدا بەکارهاتووە.


پێشەکی

عەلائەددین سەجادی لە کتێبی «خۆشخوانی»یەکەیدا، ڕەوانبێژی بە «تانوپۆی ئەدەب» ناو دەبات؛ واتە بنیادی دەقی ئەدەبی. بە واتایەکی دی: بنیادی زمانی دەق؛ چونکە وەک دەزانین بەشی فراوانی کاری ڕەوانبێژی لەناو زماندایە، پاشان هەر لەو کتێبەدا، سەجادی باس لە پێوەندی نێوان ڕەوانبێژی و لێکۆڵینەوە دەکات، کە هێڵی پێکگەیاندنیان ئەدەبە، واتە هەردووکیان ڕەوانبێژی و لێکۆڵینەوە لەپێناو ئەدەبدا کار دەکەن، یەکەمیان بۆ گەیاندنی بیرێکی بەهێز بە زمانێکی چڕ، ئەوی دیکەیان شەنوکەوی بەرهەمی ئەدەبی و زانینی ئەوەی تا چەند ڕەوانبێژانە

هۆنراوەتـەوە. هـەروەک وتوویـە: ((ئاشـنایەتی لێکۆڵینـەوە لەگـەڵ بەلاغـەدا، وەکـوو ئاشـنایەتی بـەردی مەحەکـە لەگـەڵ زێـڕدا؛ چـۆن ئـەو بـەردە زێڕێکـی پوختت بـۆ ئەدۆزێتـەوە و ئـەیدا بـە دەستتەوە؛ ئەمیش کرۆکـی پوختـەی ئەدەبـی ئەدۆزێتـەوە و ئـەیخاتـە بەرچـاوی ئەهلـی بەلاغـە)) (سـەجادی، ۲۰۱۹، ل۱۸- ۱۹).

لـە ڕەخنـەی نوێـدا، ڕەوانبێـژی هاتووەتـە پـاڵ ئـەو زانسـتانەی لـەدەق دەکۆڵنـەوە، نـەک هـەر ئـەوە، بەڵکـوو لـەوە دەرچـووە کـە تەنیـا تایبـەت بێـت بـە دەقـی شـیعری و هاتووەتـە نـاو بـواری گێڕانـەوەوە. (گێڕانـەوە، کـە لـە زمانـی کوردیـدا ((وشـەکانی: ڕاز، بەسـەرهات، سـەرد، حیکایـەت، نەقـل، قـەول، سەرگوزەشـتە))ی بـۆ بەکارهاتـووە، بەرانبـەرە لەگـەڵ narration ی ئینگلیـزی و «ڕوایـت، حکایـت»ی فارسـی و «سـرد»ی عەرەبـی) (کەسـنەزانی، ۲۰۲۲، ل۱۳)، پێکـەوە هاتنـی هـەردوو زاراوەکـە «ڕەوانبێـژی گێڕانـەوە» کـە بەشـێکی ناوونیشـانی ئـەم باسـەی پێکهێنـاوە، دەلالەتـی کارکردنـی ڕەوانبێژییـە لەناو گێڕانـەوەدا، بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە دەقـی گێڕانەوەیـی (چیـرۆک و ڕۆمـان).

کەواتـە بوونـی ناوونیشـانێک لـە چەشـنی: «ڕەوانبێـژی گێڕانـەوەی «ژیـرار ژینێت» و چۆنێتی کارکردنـی لـە هەڵسـەنگاندنی دەقـدا» ئامـاژە بـە بوونـی ئـەو گۆڕانـە دەکات کـە بەسـەر چەمکەکانـدا هاتـووە. ئـەو ناوونیشـانەی سـەرەوە کـە تـەوەری کاری ئێمەیـە، لـە کارکـردی ڕەوانبێـژی دەدوێـت لەنـاو دەقێکـی گێڕانەوەییـدا. هەڵبـەت بەپێـی ئـەو ڕەگەزانـەی تیۆریسـیەنی فەڕەنسـی ژیـرار ژینێـت بـۆ ڕەوانبێژییەکـەی داینـاون؛ ئەوانیـش: (دراماتیزەکردنـی هـەوای دەم، گەڵاڵـەی پاڵەکـی، بیرهێنانـەوەی چاوەڕواننەکـراو، بەردەوامـی و فرەپاتـی)ن.



عەتا نەهایی

لـە دوو بەشـی توێژینـەوەی بەردەسـتدا، کـە پێکهێنـەری ناوەڕۆکـی کارەکەیـە؛ بەشـی یەکەممـان تەرخـان کـردووە، بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەو چـوار ڕەگـەزەی پێشـتر ناومـان هێنـان، لـە بەشـی دووەمیشـدا لـە ئەرکـی هـەر چـوار ڕەگەزەکـە لـە بنیـادی کورتـە چیرۆکـی «مـن... تـۆم... خـۆش... دەوێ»ی نـاو کۆمەڵـە چیرۆکـی «تەنگانـە»ی عەتـا نەهایی-مـان کۆڵیوەتـەوە.

بەشی یەکەم

ڕەوانبێژی گێڕانەوەی ژیرار ژینێت

«ژیـرار ژینێـت»ی فەڕەنسـی یەکێکـە لـەو تیـۆری -داڕێژانـەی لەنـاو دەقـی گێڕانەوەیـی -دا کاری لەسـەر ڕەوانبێـژی کـردووە. ژینێـت پێـی وایـە ((ئەگـەر گێڕانـەوە لـە داستاندا بـە شـێوەیەک بێـت، ڕەگـەزە پێکهێنەرەکانـی بەشـێوەیەکی تۆندوتـۆڵ بەیەکـەوە بەسـترابن و ڕۆڵیـان هەبـێ لـە بەرەوپێـش چوونـی پلۆتـی چیرۆکەکـەدا بـە شـێوەیەکی گونجـاو، ئەوکاتـە لەگـەڵ گێڕانەوەیەکـی ڕەوانبێژانـەدا ڕووبەڕووین))، (یاسـمی & دانشـگر، ۱۴۰۱، ل۱۲۳)، کەواتـە ڕەوانبێـژی لـە چیـرۆک، یـان ژانرەکانـی تایبـەت

بە گێڕانەوەدا جیایە لەو پەوانبێژییەی تا ئێستا بەسەر دەقە شیعرییەکاندا جێبەجێ کراوە و پێی ئاشنا بووین. لە گێڕانەوەدا پەوانبێژی دەقێک لەوەدایە تا چەند پەگەزەکانی ئەو داستانە لەگەڵ یەکدا هاوئاهەنگن؛ ئەمە بەهای ئیستێتیکی دەقێک دیاری دەکات. یەدوڵاڵا پەشابادی لە توێژینەوەیەکیدا بە ناوی «گێڕانەوە وەکوو پەگەزی زاڵ لە پشتەی مرواریدا»، لە زاری هێمن عومەر خۆشناوەوە دەڵێت: ((... بەهای دەق بەتایبەتیش دەقی چیرۆکی، لەوەدا چڕدەبێتەوە کە هەموو تەکنیکەکانی پێکەوە وا تێک-بگیرێن کە بواری هیچ بۆشاییەکی سادە و ساکار و زیادە نەبێتەوە)) (پەشابادی، ٢٠٢٢، ل٣٧).

مەبەست لە هاوئاهەنگی پەگەزەکان تەنیا لە پێوەندی هۆ بە هۆکردەوە کورت نابێتەوە، بەڵکوو پەوانبێژی کاتێک دەگاتە لووتکەی جوانی، کە گێڕەرەوە خۆی لە گێڕانەوە و وەسفکردنی کەسێتی و پرووداوەکان بەشێوەیەکی پاستەوخۆ و پاپۆرت-ئامێز دوور بگرێت، هەروەک هاشم ئەحمەدزادە لە کتێبی «گێڕانەوەناسی»یەکەیدا باسی دەکات: ((خوێنەر لەجیاتی ئەوەی کە ببیستێت کارەکتەرێک پاستگۆیە، حەز دەکات لە ئاکامی هەڵسوکەوت و کردەوەکانی کارەکتەرەکەوە، لە پەوتی گێڕانەوەکەدا بگاتە ئەم باوەڕە)) (ئەحمەدزادە، ٢٠١٨، ل١٤).

ژینێت لە تیۆرییەکەی خۆیدا چەند پەگەزێکی دەستنیشان کردووە، کە لە کاتی هەڵسەنگاندنی دەقی داستانیدا دەتوانین بیانکەین بە پێوەرێک بۆ زانینی ئاستی ئیستێتیکای ئەو بەرهەمە؛ ئەوانیش ((دراماتیزەکردنی هەوای دەم، گەڵاڵەی پاڵەکی، بیرهێنانەوەی چاوەڕواننەکراو، بەردەوامی و فرەپاتی)) (یاسمی & دانشگر، ١٤٠١، ل١٣٠-١٣٦).

١- دراماتیزەکردنی هەوای دەم «دراماتیزەکردن «لحن»

مەبەست لەم زاراوەیە ئەوەیە هەر کارەکتەرێک خاوەنی تۆنێکی تایبەت بە خۆیەتی ((شێوەی تایبەتی قسەکردنی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکەیە؛ واتە هەر کەسێتییەک بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی کۆمەڵایەتی، یان پەگەزی، تۆنێکی گونجاوی هەیە، ئەم تۆنە دەبێت لە داستاندا بپارێزرێت))، (یاسمی & دانشگر، ١٤٠١، ل١٣٠)؛ بە جۆرێک خوێنەر لەگەڵ هاتنە گۆی ئەو کەسێتییەدا دەتوانێت بیناسێتەوە. هەر لەم بارەیەوە ژینێت باسی لەوە کردووە کە گێڕەرەوەیەکی لێهاتوو دەتوانێت تۆنی تایبەتی کەسەکانی داستانەکەی لەگەڵ جووڵەیاندا بسازێنێت؛ جووڵەیەک کە تایبەت بێت بەو کارەکتەرە و لە پێیەوە بناسرێتەوە (هەمان).

٢- گەڵاڵەی پاڵەکی «پیرنگ ضمنی»

ئەمە جۆرێک لە چنینی شاراوەی ناو چیرۆکە، هێزی کێشکەری گێڕانەوەکەی لەسەر وەستاوە؛ ژینێت سەبارەت بەم خاڵە پێی وایە پلۆت، یان گەڵاڵەی چیرۆک، تەنیا پاراستنی لایەنی لۆژیکیبوونی پرووداوەکان نییە، بەڵکوو ((پلۆت دەبێت بەشێوەیەکی شاراوە کاربکات، واتە ئەو هۆکارانەی لە پشتی پرووداوەکانی «پرووداوەکانی» ناو داستانەوەن، هێندە بەرچاو و دیار نەبن کە هێزی کێشکەر لە داستانەکە بسێننەوە)) (هەمان، ل١٣٢).

هەر ئەم چنینە شاراوەیە پۆڵی دەبێت، نەک تەنیا لە بەرەوپێش بردنی پەوتی داستان، بەڵکوو لە ناساندنی کەسێتییەکان بە خوێنەر و گەشەی

کەسێتی، واتە گێڕەرەوە لەبری ئەوەی ڕاپۆرت -ئاسا کەسێتییەکی چیرۆکەکەیمان پێ بناسێنێ، دێت لە میانەی جوواڵە و نواندنی ڕەفتارەکانیانەوە وێنەکەیمان بۆ دەکێشێت، بۆنموونە ((لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ دەربارەی تایبەتمەندی کەسێتییەکانی بدوێت، لەڕێگەی نواندنەکانیانەوە پەردە لەڕووی تایبەتمەندی و ئاکاری کەسێتییەکان هەڵبگرێت)) (هەمان)، یان لەبری ئەوەی لە وەسفی گەرمی ڕۆژەکەدا پشت بە دەربڕین-گەلی ڕاستەوخۆ ببەستێت، بە وتنی: (شەڵاڵی ئارەقە بووبوو)؛ دەزانرێت ڕۆژێکی گەرم بووە.

ئەم تیۆریزانە باسی ڕۆڵێکی دیکەی «گەڵاڵەی پاڵەکی» کردووە، ئەویش پێوەندی نێوان گفتوگۆی کارەکتەرەکان، یان ڕووداوێک، لەگەڵ ئەنجامێک کە لە کۆتایی ئەو بەشەدا خوێنەر پێی دەگات ((مەبەست لە گەڵاڵەی پاڵەکی لە ئاستێکی دیکەدا ئەوەیە، ڕاوی هەندێ جار لە چوارچێوەی گفتوگۆی کارەکتەرەکان، یان قەومانی ڕووداوێک، فێڵێک بەکاربهێنێت؛ خوێنەر لە کۆتایی ئەو بەشەدا پەی پێ ببات)) (هەمان، ل١٣٣).

٣ - بیرهێنانەوەی چاوەڕواننەکراو «تداعی غیر منتضرە»

ڕەگەزێکی دیکەی ڕەوانبێژی گێڕانەوە، بیرهاتنەوەی ڕووداوێکی ڕابوردووە لە میانەی گفتوگۆ، یان ڕووداوێکی دیکەوە ((کەسێتی سەرەکی لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ کارەکتەرێکی دیکەدا، بەهۆی هاتنە گۆڕێی بابەتێکەوە، لەپڕ دەکەوێتە یادی بیرەوەرییەکی ڕابوردوو)) (هەمان، ل١٣٥)؛ ئەم پێوەندی نێوان ڕووداوی دەرەکی بە دۆخی دەروونی کارەکتەرانەوە، وەک جۆرێک لە «بنیادی ناڕاستەوخۆی کەسێتی»یش کار دەکات (هەمان، ل١٣٦).

٤- بەردەوامی و فرەپاتی «تداوم و بسامد»

ئەم دووالیزمە پێوەندییان بە «کاتی ڕووداو»ەوە هەیە. سەبارەت بە زاراوەی «بەردەوامی» ((پێوەندی نێوان ئەو کاتەی ڕووداوێکی تێدا دەقەومێ، لەگەڵ ژمارەی ئەو لاپەڕانەی بۆ وەسف-کردنی ڕووداوەکە تەرخان کراوە)) دەردەخات، بێجگە لەوەش بەواتای ((دڕێژەی گێڕانەوەکانی ڕاوی لە باسکردنی ڕواڵەت و ڕەفتاری کەسێتییەکان)) دێت (یاسمی & دانشگر، ١٤٠١، ل١٣٦-١٣٧)، واتە: گێڕەرەوە تا چەند پابەند بووە بە ڕاگرتنی هارمۆنی نێوان ڕووداوەکان و باسکردنیان لە نێو داستانەکەدا و خۆپاراستن لە درێژدادڕی و وەسفی زیادە و ناپێویست؛ چونکە ڕەوانبێژی لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە ((کورتبڕی بێ کەموکووڕی و درێژبڕی بێ زیادە)) (گەردی، ل١٤)؛ ئەمە هەموو بوارەکانی ڕەوانبێژی دەگرێتەوە، بە گێڕانەوەشەوە.

هەرچی زاراوەی (فرەپاتی)یە، بە واتای (پێوەندی نێوان ئەو ڕێگە جیاوازانەی وەگێڕ دەیگرێتەبەر بۆ دووبارە پیشاندانەوەی ڕووداوەکان، یان تەرزی بیرکردنەوەی کەسێتییەکان)، کەواتە دەتوانرێ بەهۆی فرەپاتییەوە نەک تەنیا ڕووداو وەسف بکرێ، بەڵکوو ئاشنای بیروباوەڕی کەسێتییەکانیش ببین (هەمان).

بەشی دووەم

هەڵسەنگاندنی دەقی «من... تۆم... خۆش... دەوێ» بەپێی پێوەرەکانی ژینێت لە ڕەوانبێژی گێڕانەوەدا

لەم بەشەدا هەوڵی تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئەو

چوار ڕەگەزەی تیۆری «ڕەوانبێژی گێڕانەوە»ی ژیرار ژینێت دەدەین کە لە بەشی پێشوودا خرایە ڕوو، لە پێکهاتەی کورتەچیرۆکی «من... تۆم... خۆش... دەوێ»ی عەتا نەهایی.

لە دەستپێکی چیرۆکی «من... تۆم... خۆش... دەوێ»دا، بەردەستەکەی دوکتۆر «هێرۆ» سەر بە ژووڕەکەیدا دەکات تا پێی بڵێ، نەخۆش چاوەڕێیە؛ لەگەڵ هەڵچوونی دوکتۆردا ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە گوایە نەخۆشی لایە و نابێ بێ ئیزن بێتە ژووڕەوە ((بەردەستەکەی بە سەرسامییەوە چاوی بە ژووڕەکەدا گێڕا و دەرکەی پێوەدا)) (نەهایی، ٢٠١٩، ل١٧). بە سەرسامی بەردەستەکەیدا دەزانین ژووڕەکە کەسی تێدا نییە و دوکتۆر لەبەرخۆیەوە دەدوێت، ئەمە لای ژینێت بە «گەڵاڵەی پاڵەکی» ناودەبرێت. نووسەر بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بڵێ (ژووڕەکە کەسی تێدا نییە.) بە ڕێگەی نواندنی جوولّەیەک لەلایەن کارەکتەرەکەوە، کە پیشاندانی سەرسامییە، ئەوە لە خوێنەر دەگەیەنێت. هاوکات ئەمە سەرەداوی ئەوەش بە دەستەوە دەدات کە هێرۆ باڕێکی دەروونی جێگیری نییە. هەڵبەت لە درێژەی گێڕانەوەکەدا ئەمە زیاتر دەسەلمێ.

دوای چوونەدەرەوەی بەردەستەکە، هێرۆ دەگەڕێتەوە دۆخی پێشووی خۆی: ((وەک من بیڵێرەوە؛ من... تۆم... خۆش...)) (هەمان)؛ بەڵام هێشتا تووڕەیە لە بێ-پرس هاتنەژووڕەوەی بەردەستەکەی: ((چاوت لێیە؟ تەنانەت ئەویش...)) (هەمان، ل١٨)، وەک ئەوەی بڵێ (تەنیا من نا، ئەویش دەتبینێ)، واتە: هەرچەندە لەوێ نییە، کەچی ئەوان دەیبینن. هێرۆ بەهۆی بارە دەروونییە نائارامەکەی، لە وێناکانی خۆیدا دەیبینێ؛ بەڵام ڕەفتاری بەردەستەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئاگاداربوونی لە دۆخی دەروونی خاوەن کارەکەی. ئەم دوو دیمەنە بەدوای یەکدا هاتووە، وێنەی بارە دەروونییەکەی هێرۆمان پیشان دەدات.

لە دیمەنی دواتردا خۆی لەبەردەم ئاوێنەی ژووڕەکەدا دەبینێتەوە؛ لە چاوەکانی خۆی دەڕوانێ ((گلێنەکانی وەک بەلەم لە دەریایەکی سپیدا...)) (هەمان)، پاشان بە دیتنی خۆی لە ئاوێنەکەدا، یان دروستتر بڵێین، چاوی؛ دەیخاتە یادی قسەی دەستەخوشکێکی کە پێی گوتووە: ((چاوت زۆر جوانە، هێرۆ.)) (هەمان). دیتنی دیمەنێک و گەڕانەوە بۆ بیرەوەرییەکی ڕابوردوو، لە ڕەوانبێژی گێڕانەوەدا «بیرهێنانەوەی چاوەڕوانەکراو»ی پێ دەگوترێ؛ کە ڕۆڵی لە تەواوکردنی دیمەنەکان و وێنەی کەسایەتییەکانی ناو چیرۆک هەیە. هەر لەڕێی ئەو نموونەیەی سەرەوە، پەی بە گرفتێکی دیکەی دەروونیی هێرۆ دەبەین: هەست بە کەمی کردن بەهۆی ڕوخسارییەوە، کە پێی وایە جوان نییە. ئەم خەسڵەتە دەروونییەی هێرۆ لە دیمەنەکانی دواتردا زیاتر دەسەلمێ.

کاتێک زیاتر لە ڕوخساری خۆی ورد دەبێتەوە، بینینی زیپکەکان: ((زیپکەیەک پەڕیووە سەر لووتی. «مااڵ لە خۆیا نەبوو...»)) (نەهایی، ٢٠١٩، ل١٩). ئەم مۆنۆلۆگە کورتانەی کارەکتەر، لەلایەک پاراستنی تۆنی مێینەیی-یە، کە لە ڕەوانبێژیدا بە «دراماتیزەکردنی هەوای دەم؛ یان تۆن، یان لەحن» ناو نراوە؛ بێگومان یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ژن گرنگیدانە بە ڕوخسار؛ لە حاڵەتێکی تردا وردبوونەوە لە کەموکوڕییەکانی سیمایان؛ کە هەندێ جار پەل بۆ نەخۆشی دەروونی دەکێشێت، وەک دۆخی ئەم کارەکتەرەمان. لەلایەکی دیکەوە

تەواوکەری دیمەنی پێشووە؛ تەواوکردنی وێنەی ڕوخساری هێرۆ بۆ خوێنەری چیرۆکەکە. ئەم دیمەنە کاملّتر دەبێت کاتێک هێرۆ ئاوڕێکی پڕ غەزەب لە بەردەنگە خەیاڵییەکەی دەداتەوە:

((تۆ لەو زیپکە نەحلەتییانە بێزاری، بێ چاو و ڕوو!)) (هەمان).

پاشان هەر لە درێژەی ئەم دیمەنانەدا، دەنگی تکەی «شێرەی ئاوەکە» وای لێ دەکات دەنگی تیک-تاکی کاتژمێرەکە ببیستێ، ئەمە بۆ یادەوەرییەکی ڕابوردوو دەیباتەوە:

((بۆچی ئەم کاتژمێرە گەورە، بابە؟))

((یادگارە کچم. بۆ ئێرە جوانە. سەیرکە چۆن ژوورەکەی ڕازاندۆتەوە!))

هێرۆ بیری لە چاوەڕوانییەکانی کردەوە. ئاوڕی دایەوە و گوتی:

((ئەم کاتژمێرە شایەتی چاوەڕوانیمە، هیوا.)) (هەمان)

ئەم دیالۆگانە چەند ئەرکێکی ڕەوانبێژانەیان بەجێ-هێناوە، کە بێجگە لە «بیرهێنانەوەی چاوەڕوانەکراو»، بە ناوهێنانی هیوا، ئەو وێنەیە کامڵ دەبێت کە لەسەرەتای چیرۆکەکەوە دەستی پێ کردبوو، کەواتە ئەو کەسە خەیاڵییەی هێرۆ لەگەڵیدا دەدوێ (هیوا)یە. واژەیەکی دیکەی ناو ڕەوانبێژییەکەی ژینێت «فرەپاتی»یە، کە لە چەندبارە نیشاندانەوەی دیمەنی کاتژمێرەکە و دەنگە بێزارکەرەکەی؛ سەرەڕای پڕڕەنگترکردنەوەی ئەو وێنەیەی لەسەر باری شێواوی دەروونی هێرۆ پیشان دەدرێت، جۆرێک لە بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی ئەو کارەکتەرە بەرانبەر کاتژمێر و ڕۆڵی لە ژیانی ئینساندا دەخاتە ڕوو.

هەر لە میانەی بەردەوام گەڕانەوەی بیرەوەرییەکانی ڕابوردوو بەهۆی ڕووداوێکی ئێستاوە، خوێنەر بە هەندێ وردەکاری دیکەی داستانەکە ئاشنا دەبێت؛ ئەویش کاتێک کاک (سەلیم)ی هاوڕێی باوکی هێرۆ، خزمێکی خۆی بە ناوی هیوا دەهێنێتە کن دوکتۆر تا لە کرانەوەی زمانی یارمەتی بدات. هیوا سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی قوتابخانەی بڕیوە؛ کەواتە گەنجێکی لێهاتووە. (هەروەک هێرۆش لەمیانی چارەسەرکردنییەوە بۆی دەردەکەوێت بەشێکی قسەنەکردنی هیوا پێوەندی بە شەرمنییەوە هەیە). ئێستا دەبێت بچێتە زانکۆ و پێش ئەوەش پێویستە کێشەی زمانی چارەسەر بکرێت، چونکە لەگەڵ کۆمەڵێکی گەورەتردا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ئەمە سەرەتای دەست پێ کردنی ئەم وەهمی خۆشەویستییەیە لە ژیانی هێرۆدا... (نەهایی، ٢٠١٩، ل٢٠).

هێرۆ بە فلاشباک گەڕاوەتەوە ڕۆژانی سەرەتای دەسپێکردنی چارەسەری هیوا؛ دووبارە بەردەستەکەی سەر بە ژوورەکەیدا دەکاتەوە تا ئیزنی لێ بخوازێت و بڕوات؛ بە پچڕانی لە دنیای خەیاڵەکانی، چرکەی کاتژمێرەکە دەبیستێتەوە، سەرئێشەکەی بۆ دەگەڕێتەوە:

((بە باوکی گوتبوو:

((کاتژمێر پێوانەیە، ناهێڵێ ئاسوودە بژین.))

باوکی تێنەگەیشتبوو. گوتبووی:

((هەموو ژوورێک کاتژمێرێکی پێویستە. ئەویش ژوورێکی ئاوا ڕازاوە...))

بە باوکی گوتبوو:

((کاتژمێر لە تەمەنی مرۆڤ بەپەلەیە، بێجگە لەوەش، لەکارمان دەکات. دەبێ هۆشمان لە لای بێ تا بزانین چەندە لە ژیانمان ڕۆیشتووە و چەندەی ماوە.))

دیسان باوکی تێنەگەیشتبوو...)) (هەمان، ل٢١ - ٢٢).

دەبینین نووسەر هەنگاو بە هەنگاو وێنەی

کەسێتی هێرۆی تەواو کردووە. ئەو بێزاری دەربڕینە بەرانبەر کاتژمێر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە دووبارە بووەتەوە، تا لێرەدا بیرەکەی بە پوختی دەربڕیوە؛ خێرا تێپەڕینی زەمەن.

ڕەگەزی «فرەپاتی» بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەم چیرۆکەدا ڕۆڵی بینیوە. دوا دیمەن کە دیسان نموونەی ئەم ڕەگەزەی ڕەوانبێژیی (ژینێت)ـە، ئەوەیە کە هیوا لە قۆناغی کۆتایی چارەسەردایە، پزیشکەکەی داوای لێ دەکات بڵێت: ((چاوت... زۆر... جوانە)) (هەمان، ل٢٣)، ئەویش دەیڵێتەوە؛ لێرەدا جارێکی دی دەکەوێتەوە یادی ئەو دەستەخوشکەی پێی گوتبوو (چاوت جوانە) و ئەمیش پرسیبووی: (هەر چاوم؟)، هەمان پرسیار لە هیواش دەکات، ئەمە نموونەی فرەپاتی و بیرهێنانەوەی چاوەڕواننەکراوە لە هەمان کاتدا.

ئەنجام

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین:

ئەو چوار ڕەگەزەی لە سەرەوە باس کران، لە ناساندنی کەسێتی و پیشاندانی دۆخی دەروونی و جیهانبینی ئەو کارەکتەرە؛ هەروەها لە فەزاسازی داستان و پێشکەشکردنی دیمەنەکان ڕۆڵ دەبینن.

لەم کورتە چیرۆکەی (عەتا نەهایی)دا چوار ڕەگەزی باسکراوی ڕەوانبێژی گێڕانەوەی ژینێت ((دراماتیزەکردنی هەوای دەم، گەڵاڵەی پاڵەکی، بیرهێنانەوەی چاوەڕواننەکراو، بەردەوامی و فرەپاتی)) بەدی دەکرێن. لەناو ئەوانەدا بەشێوەیەکی بەرچاو بیرهێنانەوەی چاوەڕواننەکراو و فرەپاتی دەبینرێن.

دەقەکە لەڕووی ڕەوانبێژییەوە دەقێکی تۆکمەیە، بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی ژینێت بۆ ڕەوانبێژی گێڕانەوەی کردووە؛ هەموو ڕەگەزەکان توندوتۆڵانە پێکەوە گرێ دراون.

سەرچاوەکان:

* پەشابادی، ی. ٢٠٢٢، گێڕانەوە وەک ڕەگەزی زاڵ لە ڕشتەی مرواریدا. گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٣٥ - ٤١.

* سەجادی، ع. ٢٠١٩، خۆشخوانی، سنە، بڵاوکردنەوەی کوردستان.

* کەسنەزانی، ب، ٢٠٢٢، جوانیناسیی گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

* گەردی، ع. ؟، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی-دا، ب ١.

* نەهایی، ع. ٢٠١٩، تەنگانە، چاپی دووەم، بانە، چاپەمەنی مانگ.

* یاسمی، م & دانشگر، آ. ١٤٠١، بلاغت روایی ژرار ژنت و کارکرد روایت در رمانهای زویا پیرزاد، فصلنامه علمی - تخصصی مطالعات زبان فارسی، ١٢٣-١٤١.

* ئەحمەدزادە، هـ ٢٠١٨، گێڕانەوەناسی، بانە: چاپەمەنی مانگ.